دەستنوێژی گرت بەو شێوەیەی کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەستنوێژی دەگرت

لە یەحیای کوڕی عومارەی مازنیەوە دەڵێت: لەوکاتەی عەمرو کوڕی ئەبی حەسەن پرسیاری لە عبداللەی کوڕی زەید کرد ئامادەبوم سەبارەت بە دەستنوێژگرتنی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-؟ ئەویش (عبدالله): داوای گۆزەیەك (دۆلکەیەک) ئاوی کرد، ودەستنوێژی گرت بەو شێوەیەی کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەستنوێژی دەگرت، لە گۆزەکەوە ئاوی کرد بە دەستەکانیا، وسێ جار شۆردنی، ودەستی خستە ناو گۆزەکەوە، (ئاوی دەرهێنا) وڕایدایە نێو دەم ولووتی وئاوەکەی دەرکرد، بە سێ چنگ ئاو -سێ جار ئەمەی ئەنجامدا-، پاشان دەستی خستە ناو گۆزەکەوە (وئاوی دەرهێنا) ؛ وسێ جار دەم وچاوی شۆر، دواتر هەردوو دەستی -باڵەکانی- دوو جار شۆرد هەتاوەکو ئانیشکەکانی [ئانیشکەکانیشی شۆرد]، پاشان دەستی خستە ناو گۆزەکەوە (ئاوی دەرهێنا) وسەری مەسح کرد، (دەستە تەڕەکەی بەرەو پێشەوە وپاشەوە برد بە سەر سەریدا) ؛ یەک جار [مەسحکردنی سەر ؛ مەسحکردنی گوێیەکانیش دەگرێتەوە]، پاشان هەردوو پێیەکانی شۆرد هەتاوەکو گوێزنگەکانی [گوێزنگەکانیشی شۆرد].

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

عبداللەی کوڕی زەید -ڕەزای خوای لێبێت- چۆنیەتی دەستنوێژگرتنی پێغەمبەری ڕوونکردەوە -صلى الله عليه وسلم- ؛ بەشێوەیەکی کرداری، داوای گۆزەیەك (دۆلکەیەک) ئاوی کرد، سەرەتا دەستەکانی شۆرد -هەتاوەکو مەچەك-، گۆزەکەی لار کردەوە وئاوی کرد بەسەر دەستەکانیدا وسێ جار شۆردنی ؛ لە دەرەوەی گۆزەکە، وپاشان دەستی خستە ناو گۆزەکەو، وبە چنگ ئاوی دەرهێنا وڕایدایە نێو دەم ولووتی وئاوەکەی دەرکرد، بە سێ چنگ ئاو -سێ جار ئەمەی ئەنجامدا-، پاشان بە چنگ ئاوی لە گۆزەکە هێنا وڕووی سێ دەم وچاوی شۆرد، دواتر بەچنگ ئاوی دەرهێنا وهەردوو دەستی دوو جار شۆرد ؛ هەتاوەکو ئانیشکەکانی [ئانیشکەکانیشی شۆرد]، پاشان دەستی خستە ناو گۆزەکە وبە چنگ ئاوی دەرهێنا وسەری بەدەستەکانی مەسح کرد، بەپێشەوەی سەر -سەرەوەی نێوچەوان- دەستپێکرد ودەستەکانی برد بەرەو پشتەوەی سەری هەتاوەکو سەرەوەی مل، پاشان دەستەکانی گەڕاندەوە بۆ ئەو شوێنەی لێیەوە دەستیپێکرد ؛ یەک جار ئەمەی ئەنجامدا [مەسحکردنی سەر ؛ مەسحکردنی گوێیەکانیش دەگرێتەوە]، پاشان هەردوو پێیەکانی شۆرد هەتاوەکو گوێزنگەکانی [گوێزنگەکانیشی شۆرد].

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3444